www.kurdistannet.org

# گەلا وەریووەکانی ڕۆح -2-

عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ)

ڤانکۆڤەر/کەنەدا

mashkhal@attcanada.ca

## * عەشق.*........

ئاوێزان بوونی بوونە

بە چێژ و،

فەنتازیای خود.

## *سەراب*.................

وێنەیەکی هەڵواسراوی،

سەر دیواری ژوورەکەمە.

## *سەفەر.*........................

خاڵی بەر یەك نەکەوتنی من و تۆیە

کاتێ چوار کیشوەر دوورم لێت.

## *سەما..*......................

ئافەریدە کردن و بەخشینی،

زاتە لە سەر و بەندی فڕین و،

ڕەها کردنی جەستەیە،

لە زیندانی ڕۆ چوونە نێو خەم.

## *ئەنفال.*.......................

دزینی 182 هەزار گۆرانی یە،

www.kurdistannet.org

له شاخێكی یاخی.

..................*سێكس*

پەڕینەوەیە  بە نێو باخی،

لەززەت و،

شەهوەتە بێ چاوو ڕووەكەی زیندەوەر.

..................*كوڕەو.*

تراژیدیایەكە بە تەوێڵی مێژووەوە.

نمایشێكە،

ئەگەری دووبارە بوونەوەی نزیكە.

..................*هەڵەبجە*

برینی سەر جەستەیەكی

پارچە پارچە كراوی لەشمە.

......................*شیعر*

هەڵگێڕانەوەی ژین و،

دووبارە وێنا كردنەوەی دونیایە.

....................*قەڵەم*

دەروازەی هەڵڕشتنی ناخ و،

نهێنی یە كڵۆم دراوەكانی داروونی مرۆڤ و،

www.kurdistannet.org

ئاڕاسته کردنی شته‌کانه،

به ڕێڕه‌وه گونجاوه‌کان.

عه‌بدوڵا سلێمان(مه‌شخه‌ڵ)..................................................

14-03-2002..................................................

ڤانکوڤه‌ر/که‌نه‌دا..................................................